# شوناس لە سەردەمی زانیاریدا لە ڕوانگەی (مانوێل کاستێلس)ەوە- توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

محەمەد عەلی عەولا [1]، تاهیر حسۆ زێباری[2]

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هاتنی تەکنۆلۆژیای زانیاری، کەناڵ و خزمەتگوزاریی نوێی، کە پێشتر بەخەیاڵدا نەدەهاتن، هێنایە کایەوە و وەرچەرخانی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروستکرد. بە هۆی تەکنۆلۆژیای زانیاری، جیهان بووە گوندێکی بچوك و کۆمەڵگاکان بە بەردەوام ئاوێتەی یەکتری دەبن؛ ڕۆژانە ملیاران مامەڵە و پەیوەندیی جۆراوجۆر لە ڕێگەی ئینتەرنێت، بێ ئەوەی سنور و بەربەستێك هەبێت، ئەنجام دەدرێن. بەرەوپێشچونە تەکنۆلۆژییەکان وایانکرد سۆسیۆلۆژی بەناوبانگی سەردەم، مانوێل کاستێلس (Manuel Castells) لە چوارچێوەی تیۆریی سەردەمی زانیاری (Information Age) ئەم وەرچەرخانە نوێیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تیۆریزە بکات. کاستێلس، بەرگی دووەمی تیۆرییەکەی بۆ یەکێك لە پرسە هەستیارەکانی سەردەم، واتا شوناس (Identity)، تەرخان کردووە. یەکێك لەو دیاردانەی وەك گوزارشتکردن لە شوناش، هەڵوەستەی لەسەر (فێندەمێنتاڵی ئایینی) کردووە. لە چوارچێوەی تیۆریی سەردەمی زانیاری، توێژینەوەی بەردەست هەوڵدەدات سەرنج بخاتە سەر دیاردەی فێندەمێنتاڵی ئایینی، کە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە، لە فێندەمێنتاڵیزمی ئایینی ئیسلامی و کریستییانی، لە سەردەمی زانیاریدا دەکۆڵێتەوە. بەو پێیەی پرسی شوناس و نەتەوە لە بابەتە هەستیارەکانن، بۆیە هەر لە چوارچێوەی تیۆریی سەردەمی زانیاری سەرنجیان دەخرێتە سەر. (کاستێلس) لەباسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە سەردەمی زانیاریدا، سەرنجی خستۆتە سەر هەرێمی کەتەلۆنیا، سەرەڕای جیاوازی هەرێمی کوردستان بەراورد بە هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا لە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری و بە تایبەتیش کولتورییەوە بەڵام چونکە کورد هاوشێوەی کەتەلۆنیا نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی تیۆریی سەردەمی زانیاری، باس لە کوردستان بکرێت. زاپاتیستاکانی مەکسیك لەو بزوتنەوانەن، لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زانیاری کێشەی نێوان خۆیان و حکومەتی مەکسیك بە نێودەوڵەتی بکەن، لە چوارچێوەی تیۆرییەکەی کاستێلس وەك نمونەیەکی بەرجەستە باسییان لێوەکراوە. هەروەها گروپە نارێکخراوەکان کە سەرئێشەیەکی بەردەوامن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بازنەی تێڕوانینەکانی کاستێلس، وەك بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی کاریگەر باسیان لێوە کراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** فێندەمێنتاڵی ئایینی و شوناس، نەتەوایەتی لەسەردەمی زانیاریدا، شوناس و نەتەوەی بێدەوڵەت، بەجیهانیبون و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی زانیاریدا.

## پێشەکی [1]

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تایبەت لە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژیادا، شوناس پرسێکی گەوهەرییە؛ شوناس لەگەڵ هەریەك لە چەمکەکانی گەوهەر، ماهیەت تا ئاستی یەکبون، واتە هاوشێوەی یەك و وەك یەك بابەت سەیرییان بکرێت لەیەك نزیکن، ماهیەت(Essence) ، شوناس (Identity) واتای (ID) دەگەیەنێ(حنفی، 2012، 10). لەگەڵ بەرەوپێشچونی مرۆڤایەتیش، بە تایبەت سەردەمی زانیاری و کۆمەڵگای نێتۆرك، شوناس گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کاستێلس لە بەرگی دووەمی سەردەمی زانیاریدا، وەك خۆی دەڵێت: (25) ساڵ خوێندنەوەی بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە.

ئەم توێژینەویە چەند ئامانجێکی لەخۆگرتووە :

1. زانین و ئاشنابون بە پەیوەندیی نێوان تەکنۆلۆژیای زانیاری و فێندەمێنتاڵیزمی ئایینی، هەردو فێندەمێنتاڵی کریستیانی و ئیسلامی وەك نمونە.
2. ئاشنابونە بە پرسی شوناس و نەتەوە لە سەردەمی زانیاریدا، باس لە نەتەوەی بێدەوڵەت کراوە.
3. سێیەم، ئاشنابونە بە دۆخی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی زانیاریدا، وەك نمونە، هەردو بزوتنەوەی زاپاتیستای مەکسیکی و میلیشیا نەتەوەپەرستەکانی ئەمریکا باسکراون.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣٠ گەلاوێژ ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٦ گەلاڕێزان ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٤ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mohammedawlaali@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ محەمەد عەلی عەولا، تاهیر حسۆ زێباری، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

**گرفتی توێژینەوە:** گرفت یاخود کێشەی توێژینەوە بریتییە لە پرسی شوناس لە چوارچێوە و بازنەی تیۆریی سەردەمی زانیاری، وەك ئەوەی کاستێلس بیروبۆچونەکانی خۆی دەربارەوە دەربڕیون، لەو بارەوە توێژینەوەی دەربارەی چەند دیاردەیەکی پەیوەست بە شوناسەوە کردووە.

**گرنگیی توێژینەوە:** پرسی شوناس یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی سەردەم، زۆربەی تیۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵناسی هێزی ئەوەیان هەیە دیاردە و فاکت و کردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاڤە بکەن، بەڵام یەکەم جارە بابەتی شوناس لە چوارچێوەی تەکنۆلۆژیای زانیاری ڕاڤە بکرێت، بۆیە گرنگیی توێژینەوەی بەردەست لەوەدایە گفتوگۆی یەکێك لە پرسە گرنگەکان، واتە دیاردەی (شوناس) دەکات لە چوارچێوەی تیۆریی (سەردەمی زانیاری)، یاخود کۆمەڵگای نێتۆرك (Network Society)، هەروەها گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەکە لەوەدا دەبینینەوە، کە دەبێتە دەلاقەیەك (آفاق) بۆ توێژەرانی دیکە؛ چۆن دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا ڕاڤە دەکرێن.

**میتۆدی توێژینەوە:** هەرچەندە لەناو دامەزراوە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان کەمتر سود لەم ڕێبازە وەرگیراوە، بەڵام ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە سودمان لە شێواز یان ڕێبازی کتێبخانەیی(**Library research**) وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستە هەردو شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی دیگیتاڵی و دەقی بەردەست، واتە نوسینەکانی **مانوێلس کاستێلس،** بە تایبەت تیۆریی سەردەمی زانیاری وەرگیراون و شرۆڤە کراون.

لەم توێژینەوەیەدا، لە ڕوانگەی (مانوێل کاستێلس)ەوە، تیشك خراوەتە سەر چەند بابەتێکی تایبەت بە شوناس لە سەردەمی زانیاریدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١. شوناس و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

کاستێلس فێندەمێنتاڵیزمی هەردو ئایینی کریستیانی و ئیسلامی بە بنەما گرتووە بۆ پرسی شوناس لە سەردەمی زانیاریدا، ڕونیشی کردۆتەوە مەبەستی ئەوە نییە ئایینەکانی دیکەی وەك (هیندۆسی، بودایی، یەهودی ...تاد) گرنگییان لەم دو ئایینە کەمترە. جگە لەوە لە زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکاندا فێندەمێنتاڵ هەیە.

### 1.1 فێندەمێنتاڵیزمی ئایینی:

فێندەمێنتاڵیزم (Fundamentalism) لە بنەڕەتدا دەربڕین (لفظ)ێکی ئینگلیزییە، بە واتای بنچینە، بناغە، بنەڕەت، یان گەڕانەوە بۆ (أصل) دێت، بیروباوەڕێکی ئایینی، سیاسییە، پێیوایە ڕاستیی ڕەها لای ئەوە، زۆربەی گومانەکان بۆ ئەوە دەچن، سەرنوسەری گۆڤاری نیویۆرك (وۆچمان) لە کردنەوەی ژمارەی مانگی حەفتی ساڵی (1920) ئەم چەمکەی داڕشتبێت. فێندەمێنتاڵیزم ئەوانەن لە پێناو بناغە یاخود بنچینەدا خەبات دەکەن و تێدەکۆشن (وهبة، بێ ساڵی بڵاوبونەوە، 25)، واتە لە هەمو ئەو پرسانەی خەباتی بۆ دەکەن، بنچینە بە بنەما دەگرن. فێندەمێنتاڵیستەکان لە ئایینی یەکتاپەرستیدا یان بەناوی خوا یان بەناوی سیمبوڵ یانیش (مرجع) ڤەگێڕێکی پایە بڵند دەجەنگن(کاستێلس،30،2007)، ئەندامانی گروپە فێندەمێنتاڵیستەکان لە چوارچێوەی بەبنەماگرتنی سیستەمی هزری ئایینی و بۆ پارێزکاریکردن لە شوناسی خۆیان، هەوڵی گۆڕینی سیستەمی باوی کۆمەڵاتی دەدەن و خۆیان لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، واتە خۆیان بە جیا دەبینن و پێیانوایە شوناسی ئەوان لەم سەردەمەدا لە مەترسیدایە، بۆیە بە گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتەکانی ڕابردویان، کە بە پیرۆزی دەزانن، هەوڵی بەهێزکردن و هێشتنەوەی شوناسی خۆیان دەدەن(سعدي و الميموني،2021، 138). لە ڕابردودا بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتییان بەدوای خۆیاندا هێناوە. لەبەر ئەوە پرسەکە پرسی شوناسە بۆیە کاستێلس لەم کۆنتێکستەدا گروپە فێندەمێنتاڵیستەکان، ئەوانەی پێگیری و داکۆکی لە شوناسی خۆیان دەکەن، هێناوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەو گروپانە دەیانەوێت لەسەردەمی زانیاری و کۆمەڵگای نێتۆرکدا پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بکەن و لە هەندێ باردا سیستەمی هزری خۆیان بگشتێنن وبیسەپێنن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەر دەوڵەت و کۆمەڵگایەك بەسەر لێشاوی زانیاریدا زاڵبێت، یان زانیاری بەرهەم بێنێ، لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتان و کۆمەڵگاکانی دیکەوە دێت. ڕوکارەکانی ململانێ، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوە نیشان دەدەن، هەر وڵات و کۆمەڵگایەك توانای کۆنترۆڵی زانیاریی هەبێت، بە شێوەیەك لە شێوەکان، کۆنترۆڵی ڕێڕەوی ڕوداوەکانی جیهان دەکات. مێشێل فۆکۆ پێیوابو لە هەر شوێنێك دەسەڵات هەبێت، بەرەنگاری(مقاومة)یش هەیە، کاستێلس هاوشێوەی فۆکۆ سەیری تەکنۆلۆژیای زانیاری ناکات وەك ئەوەی بۆ زاڵبون بێت بەسەر جیهاندا، وەك کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا باو بوو، بۆ ڕوبەڕوبونەوە و بەرەنگاربونەوەی دەوڵەت و کۆمپانیا ئابورییەکان، گەشبینە بە تواناکانی پرۆسێسی بەجیهانیبون و تەکنۆلۆژیای زانیاری، وای دەبینێ تاکەکان دەتوانن لە دەرەوەی چاودێریی دەوڵەت گروپی تایبەت بەخۆیان پێکبێنن(أمغار، 2019، 107). تەکنۆلۆژیای زانیاری هەر ئەوە نییە ئامرازی دەستی وڵاتانی زاڵ بەسەر تەکنۆلۆژیادا بێت، بەڵکو لەسەردەمی کۆمەڵگای نێتۆرك و جیهانی گریمانەییدا، هەلی بۆ گروپە کۆمەڵایەتی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕەخساندووە؛ داکۆکی و بەرگری لە شوناسی خۆیان بکەن. کاستێلس بەم شێوەیە پێناسەی فێندەمێنتاڵیزم دەکات (دروستکردن و پێکهێنانی شوناس بۆ یەکسانکردنی ڕەفتاری تاك و بونیادە کۆمەڵایەییەکانە لەگەڵ ئەو ڕێسایانەی لە حوکمی خواوە سەرچاوەیان گرتووە، ڕاڤەکردنی حوکمەکانیش بە (مرجع) ڤەگێڕێکی بە توانا سپێردراوە کە لە نێوان خوا و مرۆڤایەتیدا هەیە) (کاستێلس، 2007، 30)، مەبەست نێوانگیر (وسیط)ی نێوان خواو مرۆڤە.

### أ. فێندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی:

ڕیشەی سەرهەڵدانی فێندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی، بۆ سەردەمی جەمالەدینی ئەفغانی(*) دەگەڕێتەوە (هیرانو، 2011، 22). ئەفغانی یەکەمین و کۆتا کەسایەتیی ئیسلامییە ڕۆڵی چالاکی لە زیندوکردنەوەی ئایین/ سیاسەتدا هەبووە، بۆ ئەو خەڵکانەی لە ناوچە گرنگە موسوڵمان نشینەکانی وەك تورکیای عوسمانی، میسر، ئێران، هیندستان و ئاسیای ناوەڕاست نیشتەجێبون. ڕوانینێکی سەرتاپاگیر (شمول)یانەی دایە ئیسلام و وایکرد جیهانی موسوڵمانان هەست بە مەترسیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن. ئەفغانی بۆ یەکەم جار چەمکی (ئیسلام) ی لە بەرانبەر ( ڕۆژئاوا) بەکاربرد، بەو واتایەی دو چەمکی بەرانبەر یەکن و وەك دیاردەیەکی مێژوویی پەیوەندییەکی دوژمنکارانەیان بەیەکەوە هەیە(هیرو، 1997، 105). ئەفغانی پێیوابو پێویستە لە ڕێگەی ڕێبەرانی جیهانی ئیسلام، دژایەتیی ڕۆژئاوا بکرێت و داکۆکی لە شوناسی (ئیسلامی)یانەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان بکرێت. پاشان محمد عبده (*) (تیوە و آخرون، 018-2019، 13)، کە یەکێك بو لە قوتابییەکانی ئەفغانی و جیاوازیی بۆچونەکانی لەگەڵ ئەفغای ئەوەبو، لەجیاتی سەرقاڵکردنی ڕێبەرانی

(*) جەمالەدینی ئەفغانی(1838-1897)، لە ئەسەد ئابادی ئەفغانستان لەدایکبووە، یەکێکە لە بیرمەندە بەناوبانگەکانی ئیسلام، بە هۆی لێهاتوییی لەسەردەمی (محمد اعظم) شای ئەفغانستان بووەتە سەرۆك وەزیران، بە تیۆرڤانی مۆدێرنی ئیسلام هەژمار دەکرێت.

(*) محمد عبده(1849-1905)، بیرمەندێکی ئیسلامییە، لە میسر لە دایکبووە، یەکێکە لەوانەی هەوڵی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی ئایینی ئیسلامی دەدا، بیروبۆچونەکانی بانگخوازی و چاکسازی بوون.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

جیهانی موسوڵمانان بۆ دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا، پێویستە کار لەسەر چاکسازیی ئایینی و پرۆسەی فێرکردن بکرێت، هەروەها گونجاندنی لایەنە باشەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا لەو شوێنانەی کە دژ نییە و لەگەڵ ئیسلامدا تەریبە. عەبدە پێیوابو ڕاوێژ (شوری) هەمان دیموکراسیی پەرلەمانی ڕۆژئاوایە، کۆدەنگی (اجماع) هەمان ڕای گشتیی ڕۆژئاوایە، هەروەها بەرژەوەندی لە ئیسلامدا بە واتای (ڕاڤەی شەریعەت لەو لایەنەی زۆرترین سودی هەبێت) لە بەرانبەر ڕێباز (مذهب)ی سودگەرایی (Utilitarianism)ی ڕۆژئاوایە، عەبدە لە کۆنتێکستی خۆیدا، یەکێك بو لە بیرمەندە کاریگەرەکانی موسوڵمانان.

پاشان محمد رشید رضا (*) کە یەکێك بوو لە دیارترین قوتابییەکانی (محمد عبده)، لە گوتە و کردار و گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم، بۆ پەیڕەوکردنی پرەنسیپی پەیڕەوکارانی باش (السلف الصالح)، دەگەڕایەوە، پێیوابو خوا هەمیشە بە کردەوەکانی لە قورئاندا دەناسرێ و پەیامبەر(د) لە ڕێگای (سنة)وە وەسف دەکرێ، هەر کاتێکیش دژییەك لە نێوان موسوڵمانانندا ڕوی دا، پێویستە بۆ پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی قورئان و سوننە بگەڕێنەوە (هیرو، 1997، 104-105). بە شێوەیەکی گشتی هزری (فێندەمێنتاڵی) لەسەر دەستی ئەوانەوە پەڕییەوە بۆ گروپە فێندەمێنتاڵەکانی دیکەی ئیسلامی.

بیستەکانی سەدەی بیستەم، واتە لەگەڵ پەیدابونی، فێندەمێنتاڵیزم ڕوویەکی باشی هەبوو، واتە بە خراپ سەیر نەدەکرا، دواتر ئەم ڕوانگەیە گۆڕا و ئەوانەی هەڵگری ئەو جۆرە بیروباوەڕە بون، وەك دەمارگیر، یان عەقڵداخراو سەیریان دەکرا. خەسڵەتی فێندەمێنتاڵەکان، کارکردن بو بە دەقی ئایینی وەك خۆی، کە دەبوایە لە باوەڕ و زانین و ڕەشت و ڕەفتاردا ڕەنگ بداتەوە، ڕەوتی فێندەمێنتاڵیزم وەك پەرچەکردار بەرانبەر بەو هەڕەشانەی هەستییان پێدەکرا پەیدا بوو. دەبوایە ڕاستیی ڕەها لای خۆیان بهێڵنەوە و بوار بۆ ئەوانەی دژیانن نەهێڵرێتەوە، ڕەخنەگرتن لەو دۆخەی تێیدان، واتە واقعەکە هەرچۆنێك بێت ڕەخنەیان لێ دەگرت. گەڕانەوە بۆ نەرێتە کۆنەکان و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕابردو و ئێستا، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی کایەی سیاسی و پێگەکانی دەوڵەت، بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکانی خۆیان. سەرکردەی کاریزمی، وەك ڕۆڵی تاك لە یەکخستنی کۆمەڵە فێندەمێنتاڵەکان(Alam, 2007, 32)، چونکە لە زمانی عەرەبیدا (ئیسلام) واتای تەسلیمبونە و موسوڵمان ئەو کەسەیە خۆی تەسلیمی خوا دەکات، کاستێلس پێیوایە ئیسلام سەرتاپا فێندەمێنتاڵە، کەوابێ ئیسلام مەبەستییەتی کۆمەڵگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکان بێ چەندوچون لە چوارچێوەی بنچینە ئاینییەکان ڕێکبخرێن. بۆ بەرگریکردن و گشتاندنی مۆدێلی ئیسلامی، واتە شوناسی ئیسلامییانە، گروپ و (فقیە)ی جۆراو جۆر، کۆنەخواز (Conservatism) وەك ئەوەی لە دەوڵەتی سعودیەدا دەبینرێ، فێندەمێنتاڵی ئیسلامی ڕادیکاڵ وەك ئەوەی لە نوسینەکانی (المودودی) و سید قطب)، یان ئەو جیاوازییەی لە ئیسلامی شیعەدا دەبیندرێن(کاستێلس، 2007، 31) پەیدابون و سەریانهەڵدا، هەر یەکێکیش لەوان بۆ ڕاستی و حەقانەتی پەیامەکەی پاساوی تایبەت بە خۆی هەبو و هەیە.

تەوژمی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، بۆ (1978) دەگەڕێتەوە، کاتێك بە نهێنی خەریکی خۆ ئامادەکردن بون بۆ خەبات، پاشان ساڵی (1984) پەیوەندیی ئیسلامی لە چیا دروستبو، ساڵی (1987) مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز ڕایکردە چیا و دژی بەعس دەستی بە خەباتکرد و دواتر باڵی سەربازییان دروستکرد. ساڵی (1994) پاش دروستبونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکگرتوی ئیسلامی ڕاگەیەنرا (العکیدی، 2003، 17)، وەك پارتێکی ئیسلامیی میانەڕەو درێژەی بە چالاکیی حزبیانەی خۆی دا و تا ئێستاش بەردەوامە. لە کوردستان پارتی دیکەی ئیسلامی هەبون، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوە بۆیە بە پێویست نەزانرا باس بکرێن. هەردو پارتی ئیسلامی (بزوتنەوەی ئیسلامی) و (یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان) ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیانیان هەبوە و تا ئێستاش هەزارن خەڵك لە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان هەوادار و لایەنگریانن و (تأید)یان دەکەن. هاوشێوەی پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی دیکە پێیان وایە ڕاستی ڕەها لای ئەوانە و سیستەم (منظومة)ی فیکرییان ئیسلامییە، لە دەرەوەی هزری ئیسلام، باقی هزرەکانی دیکە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ دۆخە سیاسییەکە خۆیان گونجاندووە.

**ب. فێندەمێنتاڵیزمی کریستیانی:**

ڕیشەی فێندەمێنتاڵیزمی کریستیانی، لە بنچینەدا بۆ ئەو زنجیرە کۆڕانەی زانکۆی برینستون دەگەڕێتەوە، کە لە (1880) لە ئەمریکا ئەنجام دەدران، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد بۆ یەکەم جار و لە سەرەتای سەدەی بیست، دەستەیەك یاخود بزوتەنەوەیەکی کەنیسەی پرۆتستانتی ئەمریکی لە نێوان ساڵەکانی (1910-1915)، دوازدە کتێبی بچوك لە شێوەی نامیلکە، لە لایەن کۆمەڵە بانگخواز (واعظ) و قەشەیەك لە ژێر ناوی (The Fundamentals) نوسرابون، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکرانەوە. سەرەتا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبو، بەڵام دواتر بونە سەرچاوە و ئیلهام بۆ بزوتنەوەی فێندەمێنتاڵی کریستیانی. گرنگترین ئەو بابەتەی لەو کتێبانەدا هاتبون: کتێبی پیرۆز سەرچاوەیەکی خواییە و سەرچاوەی ئیمان و ژیانە، هیچ هەڵەیەکی ئایینی، مێژویی یان زانستی لە کتێبی پیرۆزدا نییە، ئیلاهیبونی حەزرەتی مەسیح لەبەر ئەوەی بەبێ باوك هاتۆتە سەر زەوی، جارێکی دیکە گەڕانەوەی مەسیح و مانەوەی بۆ ماوەی (1000) ساڵ لە سەر زەوی پشتڕاستکرابونەوە، دەبوایە بڕوا بەو پرەنسیپانە بهێنرێ و بەرگرییان لێ بکرێت (شطارة، 2013، 586)، دواتر ئەو بابەتە لە کۆڕو کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئایینی کریستیانی ڕەنگیدایەوە. فەرهەنگی لاروس ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە فێندەمێنتاڵ واتە هەڵوێستی ئەوانەیە ڕەتیدەکەنەوە کەوا (عقیدة) باوەڕ لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنرێ، دیارە ئەم پێناسەیە تایبەتە بە ڕێباز(مذهب)ی کاسۆلیك.

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دا پێناسەی فێندەمێنتاڵیزم بەم شێوەیە هاتووە: لەگەڵ دوژمنایەتیکردنی لیبرالیزم و مۆدێرنەتێ، ئەوانەن کە بە توندی دەستییان بە بنەماکانی ڕێبازی ئەرتەدۆکسی کلاسیك و دەقی پیرۆز وەك خۆیەوە گرتووە. پێویستە ئەوەش ڕون بێت چەمکی فێندەمێنتاڵ لە ئایینی کریستیانیدا لە تایفەیەك بۆ تایفەیەکی دیکە جیایە، پرۆتستانتەکان وای دەبینن بزوتنەوە فێندەمێنتاڵییەکەیان پابەندبونە بە ڕێنماییەکانی ڕێباز (مذهب)ی پرۆتستانی، ئەرتەدۆکس و کاسۆلیکەکانیش بە هەمان شێوە بیروبۆچونیان هەیە، هەموشیان داوای گەڕانەوە بۆ بنچینە و بنەماکانی کریستیانی دەکەن(حسین، 2004، 178). ڕیشەی چەمکی فێندەمێنتاڵ بۆ ئایینی کریستیانی دەگەڕێتەوە؛ بزوتنەوە فێندەمێنتاڵە کریستانییەکان دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئەزمونی یەکەمی حەزرەتی مەیسح و ئەزمونەکە نوێ بکەنەوە، لە لایەنی باوەڕ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەش، پشتیان بە کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بەستووە و جەخت لە پڕاکتیزەکردنی بڕوای کریستانێتی و هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی هەڵسوکەوتە ئاینییە کۆنەکان دەکەنەوە،

(*) محمد رشید رضا(1865-1935)، لە لوبنان لەدایکبووە، بە یەکێك ڕۆشنگەرانی جیهانی ئیسلام هەژمار دەکرێت، دەیویست لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردن چاکسازی لە کۆمەڵگادا بکات، ڕۆژنامەی (مەنار)ی کردبووە مینبەری بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانی.

پێیانوایە هەڵسوکەوتە کۆنەکان لەگەڵ ڕێنماییەکان و شێوەی ژیانی حەزرەتی مەسیح زیاتر دەگونجێن (کاستێلس، 2007، 44).

ئەگەر ئایین نەبێت، فێندەمێنتاڵیزمی ئایینیش نییە، پەیوەندی لە نێوان ئاینداری زیاتر و فێندەمێنتاڵیزمدا هەیە، ئەوانەی متمانەی زیاتریان بە دامەزراوە ئایینییەکان هەیە، لە لایەنی ئایینییەوە زیاتر گۆشەگیر دەبن و زانیاری و ڕێنمایی زیاتر وەردەگرن و تێڕوانینی خۆیان بۆ ئایین زیاتر پەرە پێدەدەن، زیاتر بەرەوە لای فێندەمێنتاڵێتیدا دەڕۆن. ئەوانەی پێیانوایە بیروباوەڕی ئایینی گەشە و نوێبونەوەی ئایینی بەهێزتر دەکەن، هەڵوێستیان دژی سێکۆلاریزم زیاتر پەرەپێدەدەن و ڕوانینێکی سەرتاپاگیرتریان بۆ ئایین هەیە و ئاراستەی فێندەمێنتاڵی لایان زیاترە.

فێندەمێنتاڵیزم پەیوەندیی بە بەهای کۆنەپارێزی (Conservatism) باوك سالاری و چونەژێرباری ئایینییەوە هەیە، بۆ نمونە ئەوانەی پاڵشتی بەها لیبراڵی و تاکگەرایی و یەکسانی نێوان هەردو ڕەگەز و سیاسەتی سێکۆلار دەکەن، گومانی زیاتریان لە ئایین بۆ دروست دەبێت و کەمتر بە لای فێندەمێنتاڵێتیدا دەڕۆن. وەك لە توێژنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بە تایبەت لە ئەوروپا دەردەکەوێت، دوژمنایەتی و ڕقلێبونەوە لە بێگانەکان، لە هەندێ باردا فێندەمێنتاڵ و ڕاسترەوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هاریکاری لە نێوانیاندا هەیە. جەبریەکان (الجبريين) پێیانوایە مرۆڤ پێویستە بێ مەرج گوێڕایەڵی خوا بێت و هەر ئەویش چارەنوسی مرۆڤ دیاریدەکات و کەس ناتوێ ئەو چارەنوسە بگۆڕێ. لەوانەیە ئەوانەی بۆ زانیاری زۆر پشت بە خێزان و هاوڕێ دەبەستن و کەمتر سود لە سەرچاوەی دیکەی زانیاری وەردەگرن، زیاتر بەلای فێندەمێنتاڵێتیدا بچن، مەبەست لە کاریگەریی کەسە نزیکەکانە لەسەر مرۆڤ. لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی سود لە سەرچاوە و بیروبۆچونی جیاجیا وەردەگرن و مەیلیان بەلای بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی گشتیدایە و جێگرەوەیەکیان بۆ ڕەزامەندیی ڕوحی هەیە، کەمتر بەلای فێندەمێنتاڵێتیدا دەچن، جگە لەوە چینی کۆمەڵایەتی، شوناسێکی ئێتنیکی و ئایینی، یان شوێنی وەکو شار یان لادێ ئاراستەی فێندەمێنتاڵییان هەبێت (Moaddel & Karabenick, 2018, 681-682).

بزوتنەوەی فێندەمێنتاڵی کریستیانی پەرچەکردارە، لەم ڕۆژگارەی کە بەلای ئەوانەوە پەسەند نییە و بە پێی ئەو وێناکردنەی بۆ داهاتو هەیانە، لەسەر بنەمای ڕابردو، ئامانجیان پێکهێنانی شوناسی کەسی و کۆمەڵایەتییە. کاستێلس دەپرسێت، پەرچەکردار بەرانبەر بە چی و چ شتێك کە بە پەسەند نازانرێ؟ لە ڕوخساردا بە جیهانیبون و قەیرانی باوك سالاری، دو پرسن، بناغەی فێندەمێنتاڵی ئایینی مەسیحی پێکدەهێنن، کاستێلس جگە لەوەی لە پرۆسەی بەجیهانیبوندا کۆمەڵگاکان پەیڕەوی سێکۆلاریزم دەکەن و بە کۆمەڵگای نائایینی هەژمار دەکرێن، پرسی هەرەشەی کۆمۆنیزم و سیستەمی نوێی جیهانی لە دەیەی (1990) بابەتی هەمیشەیی فێندەمێنتاڵی کریستیانی بون لە ئەمریکا. بە تێڕوانینی فێندەمێنتاڵیستەکان ئەمریکا لە ڕێگای سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و هاوشێوەکانییان، هاوپشکی ئەو تاوانی بێ ئایینییە، ئەو دەوڵەتە جیهانییەی ئەمریکا باسی دەکرد وەك (دەججال) یان دژە کریستیانی هەژمار دەکرا، وەك کاستێلس دەڵێت، وا دێتەبەرچاو بنیاتنانەوەی شوناسی فێندەمێنتاڵی هەوڵێك بێت بۆ کۆنترۆڵکرنی ژیان و دەوڵەت، چونکە بەجیهانیبون کە لە ئابوری و هۆیەکانی پەیوەندیی خۆی خستۆتەڕو، هەست پێدەکرێت(کاستێلس، 2007، 43-44).

## ٢. شوناس و نەتەوایەتی لە سەردەمی زانیاریدا:

سەبارەت بە پرسی نەتەوە، بیروبۆچون و ڕای جیاواز زۆرە، بە گەڕانێك لە کتێبخانەی بەناوبانگی ئەلیکترۆنیی ئەمازۆن (3083) ناونیشانی پەیوەندیدار بە نەتەوە لە ساڵی (1999)دا، بەرچاو دەکەون، ئەم ڕێژەیە ساڵی (2008) دەگاتە (86360) ناونیشان، ساڵی (2008) کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەلیکترۆنی (10000) ناونیشانی دەربارەی نەتەوە هەبوە، کە پێشتر تەنها (932) ناو نیشان تا ساڵی(2000) هەبوە و دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشو، پاش کۆتایی جەنگی سارد، (15) کێشەی چەکداریی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی (2001-2006) لە جیهاندا (احتواء) کراون، لەو ژمارەیە (6) کێشەیان چارەسەرکراون و (26) کێشە کە پەیوەندییان بە مافی چارەنوسەوە هەبووە چارەسەر نەکراون (أوکیریملي، 2013، 134) . بۆیە کەم لقی زانستی هەیە، بە تایبەت لە کۆمەڵناسی، لە پرسی نەتەوایەتی نەکۆڵیبێتەوە.

ڕیشەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی نەتەوە، بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (18) دەگەڕێتەوە، کە وەك ئایدیۆلۆژیا و بزوتنەوەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرا، دواتریش لە نێوان ساڵەکانی (1918) بۆ (1945)، هەرچەندە لە لایەنی ئەکادیمییەوە کەمتر دەربارەی نەتەوە لێکۆڵینەوە کراوە، یان ساڵەکانی (1945) بۆ (1989) تیۆرڤانی ناودار بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ڕاڤەی پرسی نەتەوە کردووە. لە ساڵی (1989)وە تا ئێستا ئەم سەردەمە گفتوگۆ و دیالێکتیك (جدل) دەربارەی نەتەوە تێپەڕێندراون، کەچی هەندێك پێیان وایە پرسی نەتەوە لەگەڵ مۆدێرنە بەو واتایەی بەرهەمی سەرمایەداری و پیشەسازی و بەشارستانیبون و سێکۆلاریزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتی بێرۆکراسیی مۆدێرنە سەری هەڵداوە، واتە پێش مۆدێرنە ئۆممەت و نەتەوە پێگەیەکیان نەبوە (أوکیریملي، 2013، 137-138).

پرسی نەتەوە، بە چارەنوس و ماف و ئازادای و سەربەخۆیی مرۆڤەوە پەیوەستە، بۆیە کەم پنتی ژیان هەیە گرێدراوی نەتەوە نەبێت. لە ڕاستیدا تا ئەم سەردەمەش چەمکی (Nation) ناڕونییەکی پێوە دیارە، هەندێ جار لە بەرانبەر گەل دەخرێتە ڕوو، جاری واش هەیە دەبرێتەوە سەر ئێتنیك (Ethnic)، فەرهەنگ (قاموس)ی ئینگلیزی لە (1908)، نەتەوە بە یەکێتیی ئێتنیکی دەناسێنێ، لەم سەردەمەشدا ڕەهەندێکی سیاسیی بەخۆوە گرتووە و وەك یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ ئاماژەی پێدەکرێ. واتای بنەڕەتیی گەل (Nation)، کە زۆر بەربڵاوە و لە لایەنی سیاسییەوە هاوواتای وشەی ( The People) لەسەر شێوازی شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسی، وەك دەوڵەتی گەل (The Nation Sate)، یان نەتەوە یەکگرتووەکان ( The United Nations) بەکار دێت. لە گوتاری کۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بۆ خۆدورگرتن لە ناوەندێتیی چەمکی (Nation)، واتە بۆ ئەوەی گوزارشت نەبێت لە نەتەوەیەك یان ویلایەتێکی دیاریکراو، وشەی خەڵك (The People)، یەکێتی (The union)، کۆنفیدراسیۆن (The confederation)، یەکبونی خاك ( The common land)، جەماوەر (The public)، بەرژەوەندیی گشتی ( The public welfare)، یان کۆمەڵگا (The community)[*]، بەکار دەبرا. لەسەردەمی شۆڕشەکان وەك چەمکی گەل سەیر دەکرا، لە لایەنی سیاسییەوە گەل واتای کۆمەڵێکی هاوولاتییان کە سەروەریی بەکۆمەڵیان پێکهێناوە (هوبزبوم، 2013، 24).

(*) بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵناسیدا (The community) بۆ کۆمەڵگای لۆکاڵی، یان ناوچەیی بەکار دەبرێت، بەڵام چونکە نوسەر لە جیاتی (Society) بەکاری بردووە نەمانویست دەستکاریی بکەین.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

زۆربەی ڕوانینەکان، توخمی ناوچەیەکی جوگرافی، واتە شوێنێك بۆ نیشتەجێبون و بونی کۆمەڵێك خەڵك بۆ پێناسە و ناساندنی (دەوڵەت- نەتەوە) لەبەرچاو دەگرن، ئەم کۆمەڵە خەڵکە هەستی هاوبەشیان بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە و بەم هۆیەوە شوناسی خۆیان هەیە، سیستەمی سیاسی یان دەسەڵات، لەسەر بنەمای دانان و جێبەجێکردنی یاسا، پارێزگاریی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەکات(سیاوشی و بذرافکن، 1400، 408). زۆربەی لێکدانەوە و پێناسەکان، خەڵك و شوێن، بە دو توخمی بنچینەیی و جەوهەری بۆ پێناسەکردنی نەتەوە هەژمار دەکەن و توند بەیەکەوە گرێدراون.

لە سەردەمی بەجیهانیبونیشدا نەتەوەییبون بەهای خۆی لەدەستنەداوە و وەك ڕۆژەڤ(واقع)ێك خۆی بەرجەستەکردووە. نەتەوان داکۆکی لە بونی نەتەوەییانەی خۆیان دەکەن و لەناو نەچووە. تێکۆشان دژی دەوڵەت نەتەوەی جێگیر ڕۆژەڤێکە و نکۆڵی لێ ناکرێت، پێشتر لە سێ لاوە مەرگی نەتەوەییبون ڕاگەیەنرابو: مەرگ لەناو بە جیهانیبونی ئابوری و نێودەوڵەتیبونی بونیادە سیاسییەکان. مەرگ لەناو کولتوری هاوبەشی جیهانی، کە لە ڕێگەی هۆیەکانی پەیوەندییەوە، پەروەردە و فێرکردن، نووسین، بەشاریبون و نوێبونەوە بڵاو دەبۆوە. مەرگ لە ڕێگای هێرشی زانستیانە بۆ سەر خودی نەتەوە، کە لە چوارچێوەی تیۆرییەکی میانەڕەوی دژ بە نەتەوەییبون بە ناوی (کۆمەڵگا وێناکراوەکان) باسی لێوە دەکرا، مەبەست ئەو پێشبینییەیە کە داکۆکیکارانی بەجیهانیبون پێشتر وا وێنا (تصور)یان کردبو نەتەوەکان پەیڕەوی سیستمێکی سیاسیی ئابوریی دیاریکراو بکەن، یان کولتورێکی دیاریکراو هەژمونی خۆی بسەپێنێتە سەر گەل و نەتەوەکانی دیکە، یانیش مرۆڤایەتی وەك یەك کۆمەڵگا (المجتمع العالمی) کۆمەڵگای جیهانی لێی بڕوانرێ و سەیر بکرێ. واتە، کاستێلس پێیوایە (خەڵك، ئایین و مەزهەب، زمان، ئاو و خاك)، بۆ دروستبون و پێکهاتنی نەتەوە بەس نین، بەڵکو ئەزمونی هاوبەش نەتەوە پێکدەهێنێ. لەو بارەوە نمونەی دو وڵات دێنێتەوە، کە خاوەنی شوناسێکی بەهێزن: ژاپۆن، کە لە لایەنی نەتەوەییەوە یەکانگیرترین وڵاتی جیهانە و ئەمریکا وەك نایەکانگیرترین وڵات، هەرچەندە لە لایەنی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ناوچەیی، ڕەگەزییەوە جۆراوجۆر بن، لە هەردو نمونەدا مێژوی هاوبەش و بەرنامەی هاوبەش هەیە و چیرۆکە مێژوییەکانیان لە ئەزمونەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەبەر ئەوە خەڵکی ئەم وڵاتانە لە زۆر لاوە هاوبەشن.

گەلێك جار نەتەوە و دەوڵەتی مۆدێرن بەیەکەوە دەبەسترێتەوە، وا مەزەندە دەکرێ بێ دەوڵەتی مۆدێرن نەتەوە هێزی سەلماندنی خۆی نییە، بۆیە مەرج نییە هەردەم نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرن بناسرێت. واتە ئەگەر نەتەوە گوزارشت بێت لە دەوڵەت، کاستێلس ئاماژە بۆ چەند گەل و نەتەوەیەك دەکات کە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا خۆیان ڕێکبخەن، لەوانە (سکۆتلەندا، کەتەلۆنیا، کویبك، کوردستان، فەلەستین)، کەچی شوناسی کولتوریی بەهێزیان نیشانی جیهان داوە، هەندێك لەوانە چەندین سەدەیە پارێزگاری لەو شوناسە دەکەن(کاستێلس، 2007، 45-47). لە هەندێ باردا، دەوڵەتی بەهێزیش ناتوانێ نەتەوە لە بۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە، کاستێلس نمونەی داڕمانی یەکێتیی سوڤیەت، واتە ئەو نەتەوانەی ڕوبەڕوی دەوڵەت بونەوە، هەروەها نەتەوەی بێ دەوڵەت، کەتەلۆنیا وەك ئارگیۆمێنت بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەی دێنێتەوە. لەبەرئەوەی دۆخی کوردستان لە پرسی شوناس هاوشێوەی کەتەلۆنیایە پێمان باش بو ئەگەر بە کورتیش بێت لە جیاتی کەتەلۆنیا هەرێمی کوردستان وەك نەتەوەی بێدەوڵەت لە پرسی شوناس بێنینەوە.

### 2. ١ ڕوبەڕوبونەوە (لەبەرانبەریەکوەستان)ی نەتەوە و دەوڵەت:

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917) و کۆتاییی سەردەمی ئیمپراتۆری قەیسەری ڕوسیا، یەکێتیی سۆڤیەت بووە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی، لە سیستەمێکی ئاڵۆزی (15) کۆماریدا خۆی ڕێکخست، لەناو هەر کۆمارێکی فیدراڵیشدا، ئۆتۆنۆمی بۆ نیشتەجێکراوەکان، ئەوانەی لە شوێنێکەوە دەگوازرانەوە شوێنێکی دیکە، لەسەر بنەمای نەتەوەیی سەلمێنرابوو، واتە پەسەندکراوبوو. هەر جموجۆڵێکی نەتەوەپەرستیش پێچەوانەی خواستی پارتی کۆمۆنیست بوایە، بە توندی سەرکوت دەکرا. سەردەمی ستالین ملیۆنان ئۆکرانی، ئیستۆنی، لیتوانی، ئەڵمانی و ڤۆڵگا، تاتارەکانی کرێم، چیچانییەکان، ئەنگۆشی و خەڵکانی قەرەچای، بەپێی ستراتیژێکی داڕێژراو بۆ ناوچەی سیبیریا و ئاسیای ناوەند دورخرانەوە(کاستێلس، 2007، 51). کۆماری سور، یان ئەوەی کە لە مێژودا بە کوردستانی سور ناسراوە، مەبەست ئەو ئۆتۆنۆمییەی کوردانی یەکێتیی سۆڤیەتە، یەکێکە لەو قوربانییانەی لە سەردەمی ستالین هەڵوەشێنرایەوە، کوردەکان لە نێوان سیبیریا و هەندێ ناوچەی دیکەی سۆڤیەت بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی تورکیا بە زۆر نیشتەجێکران.

لە دەستوری یەکێتیی سۆڤیەتدا، کۆمارەکان مافی ئەوەیان پێدرابو لە یەکێتیی سۆڤیەت بچنە دەرەوە و جیا ببنەوە، بەڵام چونکە لە ستراتیژدا لەگەڵ تێزی مارکسیزم پێچەوانە بو، واتە پرسی نەتەوە هی ئەوە نەبو گفتوگۆی دەربارەوە بکرێ، بەلشەفییەکان پەسەندییان نەدەکرد. ئەوان ئاراستەیان زیاتر نێونەتەوەییانە بوو، واتە نێونەتەوەییانە بیریان دەکردەوە، سەرئەنجام شوناسی دەوڵەتی فیدراڵیی نوێ بە فەرمی ناسێنرا، لە هەمان هەلومەرجی ئەوکات، گروپە سۆسیالیستییەکانی دیکە دەیانویست کولتوری نەتەوەییش لە سەرتاسەری دەوڵەت بە فەرمی بناسرێ و هیچ چەشنە جیاوازییەکییان پێ نەکرێت. لینین و ستالین دژی ئەم بۆچونە بون، ئەوان پرسی نەتەوەیان بەستەوە بە خاك، واتە شوێن، بۆیە بونیادی نەتەوەیی دەوڵەتی سۆڤیەتی چەند لایەنە بو. هەرچۆنێك بێت، شوناسی نەتەوەیی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا بە فەرمی ناسێندرا، ئەمە وایکرد یەکێتیی سۆڤیەت هەڵگری جوت شوناس بێت، یەکیان شوناسی نەتەوەیی (قومی)، ئەوەی دیکە شوناسی یەکێتیی سۆڤیەت(کاستێلس، 2007، 52-53).

ئەم جوت شوناسییە هێزی نەدابووە دەوڵەت، بە پێچەوانەوە یەکێك بو لە خاڵە لاوازەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، پێکهاتەکەی (100) نەتەوە (قومية) و (89) زمانی فەرمی لەخۆدەگرت. سۆڤیەت، بە مەبەستی یەکخستن و یەکگرتویی دەوڵەت، گرنگییەکی تایبەتی بە پرسی نەتەوەکان دەدا؛ لە مادەی (70) ی دەستوری کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتدا هاتبو، یەکێتیی سۆڤیەت دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی، فیدراڵیی یەکگرتووە، لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی سۆسیالیستیی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕەزامەندییان هەبو. زمانی فەرمی (ڕوسی)ە، نزیکەی (104) ملیۆن کەس، کە زۆربەیان ڕوسن، قسەیان پێدەکرد، زمانی باقی نەتەوەکانی دیکە بە زمانی دووەم هەژمار دەکرا(معلم، 2015، 15-16). دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ لە دەسەڵاتداریێتیی یەکێتیی سۆڤیەت و لە سەردەمی (میخائیل گۆرباچۆڤ)(*)، جارێکی دیکە پرسی نەتەوە دەبێتەوە یەکێك لە ئاڵۆزترین پرسەکان، یەکێتیی سۆڤیەت بە درێژاییی تەمەنی نەیتوانی ململانێ نەتەوەییەکان چارەسەر بکات و هاوسەنگی ڕابگرێ، لە سەردەمی

(*) میخائیل گۆرباچۆڤ (1931-2022)، حەوتەمین و دواهەمین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشو، ویستی چاکسازی لە سیستێمی یەکێتیی سۆڤییەتدا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، پریسترۆیکا و گلاسنۆست کە لە بەشی پێنج دێینە سەری لە سەردەمی ئەو داهێنران. ڕۆژئاوا بە یەکێك لە ئەندازیارانی کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد هەژماری دەکات، ساڵی (1990) خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی وەرگرت.

پەیڕەکردنی پریستڕۆیکا[*] (معلم، 2015، 64)، کە گۆرباچۆف ویستی پەیڕەوی بکات، بە ڕوونی دەرکەوت(معلم، 2015، 108). دەستپێکی سەربەخۆیی کۆمارەکانی ناوچەی بەڵتیك بە لیتوانیا دەستی پێکرد، ساڵی (1990) لە کۆی (90) کورسیی پەرلەمان، بەرەی گەلی لیتوانی (72) کورسیی وەدەستهێنا، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان ڕایانگەیاند: لە ساڵی (1940)، بە زەبری هێز، لیتوانیا خراوەتە سەر یەکێتیی سۆڤیەت و ئەم کارە نایاسایی بووە، دواتریش هەر یەك لە ئیستۆنیا لاتیڤیا ڕووە و سەربەخۆیی هەنگاویان نا(معلم، 2015، 111).

کۆمارەکانی قەفقاز، نەتەوەکانی چەرکەس و چیچان و ئەنگۆشیا، ویستی سەربەرخۆییان لا گەڵاڵەبوو، دواتر ئازەربایجان بەهۆی شەڕ لەگەڵ ئەرمینیا و هاتنە ناوەوەی سوپای سور و ڕاگەیاندنی باری لەناکاو، ڕایگەیاند کە ئەگەر سوپای سوری سۆڤیەتی لە وڵات نەچێتە دەرەوە، سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن. هەروەها (90%)ی گەلی ئۆکرانیا، لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی دەنگیاندا و (جۆرج بۆشی باوك)[*]، پشتگیریی خۆی بۆ سەربەخۆیی ئۆکرانیا دەربڕی. کۆمارە موسوڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش بە هەمان شێوە ڕووە و سەربەخۆیی هەنگاویان نا، ئۆزبەکستان و ئازەربایجان و قیرقزستان، داوای سەربەخۆییان دەکرد. دواتر کۆمارەکانی دیکە ویستی سەربەخۆییان ڕاگەیاند، کازاخستان و کۆمارەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست چونە بەرەی وڵاتانی سەبەخۆ، هەروەها تاتارەکان نیازی سەربەخۆیی خۆیان نیشاندا. لە تەموزی (1991) بەیەکجاری ڕایگەیەندرا، کەوا مۆدێلی (مارکسیزم- لینینیزم) لەلایەنی تیۆری و زانستییەوە شکستی هێنا و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت مافی سەربەخۆییان وەرگرت (معلم، 2015، 212-214).

ئەزمونی شۆڤیەت ئەوە دەسەلمێنێ، بەهێزترین دەوڵەت، بە سودبینین لە سەرجەم ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان و زیاتر لە حەفتا ساڵ دەسەڵاتداریێتی، نەیتوانی بەرژەوەندیی مێژوویی و ئەفسانە داڕێژراوەکان بەشێوەیەك بەیەکەوە گرێ بدات کە شوناسێکی نوێ بەرهەم بێت، ڕێکخستن و پێکهێنانی شوناس بە سودبینین لە سەرجەم ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان، ڕێکخستن لە چوارچێوەی سیستەمێکی بێرۆکراسی، گوێنەدانە شوناسی کولتوری- مەزهەبی و جوگرافیا تایبەتەکان، هەروەها دیموکراسی وەك شێوازێکی ئازادانەی دەسەڵات، وایکرد یەکێتیی سوڤیەت هەڵبوەشێتەوە(کاستێلس، 2007، 57-61). ئەمانە و گەلێك هۆکاری دیکە وایانکرد سۆڤیەت هەڵبوەشێتەوە، گەلان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هەوڵی پێکهێنانی قەوارەی سەربەخۆیان دا، بۆیە لەیەکگرتنیان بە زەبری هێز، ئەگەر ئەنجامێکی کاتیشی هەبێت، بەڵام لە دورمەودادا بەردەوامیی نابێت.

## ٢.٢ نەتەوە بێدەوڵەتەکان- کوردستان:

سەبارەت بە شوناس، کاستێلس خۆی وەك نەتەوەپەرستێکی کەتەلۆنیایی هەژمار دەکات، لەبەر ئەوەی دۆخی کوردستان لە لایەنی شوناسەوە لەگەڵ هەرێمی کەتەلۆنیا لەیەك دەچن، پێمان باشبوو بۆ گوزاشتکردن لە شوناسی نەتەوەی بێ دەوەڵەت لەسەردەمی زانیاریدا، کە کاستێلس لە پرسی شوناس بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت باس لە کەتەلۆنیا دەکات، کوردستان وەك نمونە بهێنینەوە.

زۆربەی سەرچاوە مێژوویی، ئارکیۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژی، زمانەوانی و تەنانەت ئەوانەی لە ئەتنۆگرافیای مرۆڤیان کۆڵیوەتەوە، ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە هەزاران ساڵە کورد لەسەر ئەم خاکەی بە کوردستان ناسراوە، نیشتەجێیە. کوردستان دەکەوێتە ناو جەرگەی کەوانەی بە پیت (الهلال الخصیب Fertile Crescent) و بە یەکێك لە شوێنە هەرە گرنگەکانی لەدایکبونی کشتوکاڵ وماڵیکردنی ئاژەڵ لەسەر گۆی زەوی هەژمار دەکرێت. یەکەم نوسین لە مێژوی مرۆڤایەتیدا کە بە مێخی (Cuneiform) ناسراوە نزیکەی (3200) پ.ز، لە سیستمێکی سادەی ژمێرىارییەوە دروستبووە و هاتۆتە کایەوە، ئەم نوسینە مێانەی کردۆتە سەر پولە قوڕینە، کە لە دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵی (8000 پ.ز) پەیدابووە، پولە قوڕینەکان لە شوێنەواری چاخی نیۆلیستیك، چاخی بەردینی نوێ (10000- 4500 پ.ز) دۆزراونەتەوە، نەخشەی ئەم شوێنانە، کە پولە قوڕینەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، بە نزیکی بریتییە لە شوێنی نیشتەجێی کورد، نزیکی (1450) پولە قوڕینە تەنها لە شوێنەواری چەرمو دۆزراوەتەوە، لێکۆڵەرەوان پشتڕاستی دەکەنەوە، نوسینی میخی لە سیستەمی پولە قوڕینەوە پەرەی سەندووە (حەمەڕەش، 2022، 7).

به سودبینین لە ئاوی فۆرات و سیستەمی ئاوەڕۆ، سۆمەرییەکان لە (میسۆپۆتامیا) کۆمەڵگایەکی نوێی مرۆڤایەتیی، کە بە کۆمەڵگای لۆکاڵی ناسراوە، پێکهێنا. کۆنترین ئەو شارانەی سۆمەرییەکان لێی نیشتەجێ بون (ئۆروك) و (ئەریدۆ)یە، لەبەرئەوەی زمانی سۆمەری هیچ نزیکایەتییەکی لە گەڵ زمانە سامییەکان نییە، بە دور دەزانرێ سۆمەرییەکان لە خوراووە هاتبن(توینبي، 2004، 80)، واتە پەیوەندییان بە تیرە سامییەکانەوە نییە. زمانی کوردی شێوەزاری (سۆرانی) لێکچونی لەگەڵ زمانی سۆمەریی کۆن هەیە، لەو بارەوە (سۆران حەمەڕەش) هەم لەلایەنی وشەسازی و هەم لە لایەنی ڕستەسازی و هەمیش ڕێزمانییەوە بەراوردی زمانی سۆمەری و کوردیی سۆرانیی کردووە و چەندین بەڵگەی خستۆتەڕو(حەمەڕەش، 2022، 10-24). زمان توخمی سەرەکیی کولتورە، تەنانەت لە هەندێ باردا وەك شوناسی نەتەوە هەژمار دەکرێت. کاستێلس زمانی کەتەلۆنی وەك پایەیەکی بەهێزی شوناسی کەتەلۆنایی هەژمار دەکات، زمان و کولتور بە بڕبڕەی پشتی شوناس دەناسێنێ(کاستێلس، 2007، 47). مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەم نیشتمانەی ئێستا پێیدەگوترێ کوردستان، لە کۆنتێکستی مێژوویی خۆی و کەونارادا لانەکە یانیش پێشەنگایەتی ژیاری مرۆڤایەتیی کردووە.

شار لەسەردەمی سۆمەر ئاوا کراوە قۆناغێکی پێشکەوتوی هۆشیاریی مرۆڤە، دۆزینەوەی کشتوکاڵ و داهێنانی نوسین و ماڵیکردنی ئاژەڵ، هەروەها یاساکانی حامورابی و تەنانەت یەکەم داستانی نوسراو لە مێژوی مرۆڤایەتیدا (گلگامش)، پێش داستانە گریکییەکان نوسراوە( حنون، 2006، 29)، کۆنترین پەرستگا گۆبێکلی تەپە(گرێ میرازان)، دەکەوێتە شاری ئورفە و مێژووەکەی بۆ (12000پ.ز) دەگەڕێتەوە(حەمەڕەش، 2022، 53)، ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کوردستان لە کۆنتێکستێکی مێژوییدا پێشەنگ و لانکەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بووە.

له گۆشەنیگای کۆمەڵناسییەوە دەتوانرێ شوناسی هەر نەتەوەیەك بەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە گشتییانەی هەیەتی، لە نەتەوەیەکی دیکە جیا بکرێتەوە و پێناسە بکرێت، ئەو خەسڵەت تایبەتمەندییانە لە خۆیانەوە نەهاتوون و لەسەروی گۆڕانیشەوە نین، بە تێپەڕبونی کات گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. شوناسی نەتەوەیی بابەتێکی مێژوییە و میتافیزیکی نییە، بۆیە کە بمانەوێ شوناس دەستنیشان بکەین دەبێ وەك بەشێك لە مێژو و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە، وردبکرێتەوە و شیبکرێتەوە. هەمو کۆمەڵگایەك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە و لە گۆڕانی بەردەوامیشدایە، هیچ شتێکی چەسپاو و

[*] پرۆستۆریکا، ڕیسترۆیکا لە بنچینەدا وشەیەکی ڕوسییە، واتای ڕێکخستنەوەی بونیادە، کە لە عەرەبیدا بە واتای (إعادة البناء) دێت. دوای گرتنەدەستی دەسەڵات و دوای هەڵسەنگاندنی دۆخی خراپی ئابوریی وڵات لە لایەن میخایل گۆرباچۆف ئەو بابەتە خرایەڕو، دواتر لە دوتوێ کتێبێکدا بڵاویکردەوە.

[*] جۆرج هربرت ووکر بوش (1924-2018)، چل و یەکەمین سەرۆکی ئەمریکا، لە سەردەمی ئەو ڕوداوی وەك ڕوخانی دیواری بەرلین، کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد، شەڕی دووەمی کەنداو، هەروەها ڕاپەڕینی کوردستان، ڕویاندا.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

نەگۆڕ لە ئارادا نییە. ژیانی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە کۆمەڵێك بەهاو ڕێسا و دابونەریت و ڕەفتاری هاوبەش هەیە، کۆی ئەوانە شەقڵ و مۆرکێکی تایبەتیی ئەوتۆ دەداتە کۆمەڵگاکە، کە لە قۆناغێکی مێژوییدا پێی بناسرێ و جیابکرێتەوە( قاضی، 2010، 13-14). کورد یەکێکە لەو نەتەوە زیندووە بێدەوڵەتانەی، سەرەڕای هەمو ئەو قڕکردن و لەناوبردن و تواندنەوە (Assimilation)ەی بەسەریدا هاتووە تا ئێستاش پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی خۆی کردووە، بۆیە کوردستان دیاردەیەکی خەیاڵکرد نییە، بەڵکو بەرهەمی مێژویەکی دور و درێژە.

کاستێلس هەر سەبارەت بە پرسی (نەتەوە، ئیتنیك، چینبەندی کۆمەڵایەتی و شوناس) لە گۆمەڵگای نێتۆڕکدا، باسی ئەمریکا وەك یەکێك لە کۆمەڵگا سەردەمییەکان و پرسی جیاوازیی کۆمەڵایەتیی نێوان ڕەشپێست و سپیپیست، واتە شوناسی ڕەشپێستەکانی هێناوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها سەبارەت بە شوناسی ناوچەیی، ئاماژەی بۆ گروپە تاوانکارییەکانی ئەمریکای لاتین و هەندێ شوێنی دیکەی جیهان، وەك شارەکانی (جاکارتا، بانکۆك، مانێلا) هەندێ گەڕەکانی پاریس، ناوچە هەژار نشینەکانی ئەمریکا، کردووە. ئەوانەی لە چوارچێوەی گروپی تاوانکاری گوزارشت لە شوناسی خۆیان دەکەن، بە پێویست نازانرێ گفتوگۆیان دەربارەوە بکرێ.

ئەو شوناسەی پێشتر ڕەوایەتی هەبو، لە قەیراندایە، کۆمەڵگای مەدەنی لە پاشەکشەدایە، دەوڵەتنەتەوە لە دۆخی لەناوچوندایە، لە ڕاستیدا گروپی کولتوری پەیدا دەبن و بەرگری دەکەن، دەبنە سەرچاوەی شوناس، لەوانە فێندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی وەك ئەوەی لە ئێران وڵاتانی عەرەبی پەیدابون، یان بزوتنەوەکانی دژ بە دەوڵەتنەتەوە(کاستێل، 2007، 88-89) لە چوارچێوەی وڵاتەکە خۆیدا. لە سەردەمی کۆمەڵگای نێتۆڕکدا، گروپە ئایینی، نەتەوەیی یان ناوچەییەکان، ئەوانەی شوێن و پێگەیەکیان لە هەلومەرجی نوێدا نییە، بە سودبینین لە نێتۆڕك و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی، بەرگری لە خۆیان دەکەن.

## ٣. بەجیهانیبون، بە زانیاریبون و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

بەجیهانیبون و بە زانیاریبون کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی تەکنۆلۆژیا و هێزەوە ئەنجام دەدرێت، جیهانی ئێمەیان وەرچەرخاند، ئەم دو پڕۆسەیە توانای بەرهەمهێنان و خولقاندنی کولتوری مرۆڤایەتی بەهێز دەکەن، لە هەمان کاتیشدا مافی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگا دەدزن، یان لێی دەستێننەوە.

کاستێلس سێ جۆر بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی خستۆتە بەر باس و شرۆڤەکردنەوە، (زاپاتیستەکانی مەکسیك، میلیشاکانی ئەمریکای لاتین، ئاوم شینریکۆی ژاپۆنی)ین، هەروەها لە بەرگی دووەمی تیۆرییەکەی بەشێکیشی بۆ بزوتنەوەی ژینگەپارێزی تەرخانکردووە. پاساوی کاستێلس بۆ هەڵبژاردنی ئەم سێ جۆر بزوتنەوەیە ئەوەیە، لە لایەنی شوناس، ئایدیۆلۆژیا، ئامانج و پەیوەندەیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگا زۆر جیاوازن(کاستێلس، 2007، 97-100).

### 3. ١ بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی زاپاتیستای مەکسیکی:

زاپاتیست یاخود سوپای ڕزگاریی نیشتمانی (EZLN)، بزوتنەوەیەکی چەکداریی شۆڕشگێڕانەیە، لەگەڵ ئەوەی ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنیان هەیە، بەڵام ساڵی (1994) دەرکەوتن و دژی دەوڵەتی مەکسیك دەستییان بە خەبات کرد (Zambrano & Ojeda, 2017, 2). دەستپێکی جێبەجێکردنی پەیمانی (NAFTA)[*] (زکري، 2007، 3) لە (1994) زاپاتیستەکانی ناوچەی (لاکاندۆ) لە وڵاتی مەکسیك، بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەرزاییەکانی (چیاپاس) دژی ئەو پەیمانە جوڵەیانکرد و کەوتنە شەڕ لەگەڵ حکومەتی مەکسیك. هەمان ساڵ و لە ڕۆژی نۆیەمی شەڕەکە، سەرەڕای سەرکەوتنەکانیان لە لایەنی سەربازییەوە، ئاگربەستیان لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند. دوای شەڕ و بەیەکدادانی حکومەتی مەکسیك و زاپاتیستەکان، کۆمەڵگای مەدەنی کەوتە خۆ و ڕۆڵێکی چالاکانەی گێڕا، هەڵمەتی داکۆکیردن لە مافی ڕەوای زاپاتیستەکان، درزی خستە بونیادی سیستەمی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە.

سەرەڕای گەمارۆی سەربازیی ناوچەکانی شەڕ، کەچی ئینتەرنێت ئامرازی بنەڕەتیی ناردنی لێشاوی زانیاری بو، ئەمە وایکرد ئەوەی پەیامنێرانی نێودەوڵەتی نەیاندەتوانی لە نزیکەوە بیبینن و ڕومالی بکەن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوانەی بە ئینتەرنێتەوە گرێدرابون، بە خێرایی سەدان ڕاپۆرتی ئەو کەسانەی گەواهیی دۆخەکە بون بۆ تۆڕە سنوربڕەکان، ئەوانەی هاوسۆز و هاریکار بون لەگەڵ زاپاتیستەکان بنێرێ. بەهۆی ئەو لێشاوی زانیارییەی لە ناوچەی شەڕەوە دەگوازرایەوە، نارەزایەتیی نێودەوڵەتی زۆری لێکەوتەوە و زیانی زۆری بە مەکسیك گەیاند، لە لایەنی ئابوریشەوە دەوڵەتی مەکسیك متمانەی وەبەرهێنەرانی زۆر لاواز بوو (Rosset & et al, 2005, 38)، لانیتا (La Neta) یەکێك لە تۆڕکانی پەیوەندیکردن بوو لە مەکسیك و چیاپاس، ساڵی (1994) توانی بە نێتۆڕکی ئینتەرنێتەوە پەیوەست بێت، ئامانجی لێکگرێدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی مەکسیك و جیهانی دەرەوە بو و ڕۆڵی بەرچاوی لە خێراگەیاندنی پەیام و زانیاری بە جیهانی دەرەوە گێڕا(کاستێلس، 2007، 109-110).

تێڕوانین و لێکدانەوەی زاپاتیستەکان بە شێوەیەکە، کە لیبرالیزمی نوێ هەڕەشەیە بۆسەر ژینگە و کۆمەڵگا، بۆیە ئامانجیان گۆڕینی بونیادی لیبرالیزمی نوێیە. سەبارەت بە کۆمەڵگا، وەك ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی، بڕوایان بە ژیانی هاوبەش هەیە، هەر ئەوەش بنچینەی ڕێکخستنی زاپاتیستەکانە. لە ئەرکە جۆراوجۆرەکان، کاروباری زەویوزار، خزمەتگوزارییەکان بڕوایان بە ئاوێتەبونی خێزانی و کۆڕ و دانیشتن و تێکەڵاوبون هەیە، هاریکاریکردنی یەکتری لە میانی بەشداریی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی ئەزمون و گۆڕینەوەی بیروڕاوە پەیڕەو دەکرێت. زاپاتیستەکان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە، لەبەرئەوەی جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، بۆیە بڕوایان بە فرەچەشنی وەك بنەمایەکی ڕەوشتیی هاریکاری هەیە. یەکەم کار (مهمة)یەك بۆ هەر سیاسەتێکیش دانپێدانان(اعتراف)ە، بۆیە وا لە بزوتنەوەی زاپاتیستەکان دەکات دانپێدانان بکەنە بناغە بۆ لێبوردەییی گشتگیر.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی زاپاتیستەکان ناناوەندێتی (اللامرکزية)یە، ئەنجومەنە شارەوانی و کۆمەڵە ناوچەییەکان، زۆرتر پشت بە پێداویستی و تایبەتمەندییە ناوچەییەکان دەبەستن. ئەم بابەتە لەسەر فێرکردن (تعليم) پڕاکتیزە دەکرێت؛ پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ئاستی ناوچەیی لە میانی بەشداریکردنی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگاوە دەبێت. پێچەوانەی بزوتنەوە چەکدارییەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین، زاپاتیستەکان بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پشتگیریی پرۆسێسی دێموکراسی و هەوڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن، هەروەها گرتنە دەستی دەسەڵات لای ئەوان ئامانج نییە، لە جیاتی ئەوە هەوڵدەدەن سەرلەنوێ دەسەڵات ڕێکبخرێتەوە

[*] پەیمانی ئەمریکای باکوور بۆ بازرگانیکردنی ئازاد ناسراو بە (NAFTA)، لە لایەن ئەمریکا و کەنەدا و مەکسیك واژوکرا، لە (1994) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و بەو هۆیەوە، نارەزایەتیی هیندییە سورەکان و جوتیارانی مەکسیکی لێکەوتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

و دانیشتوان بە کردەیی مافی خۆیان، ئەوەی کە پەیوەستە بە ژیانی ئەوان، وەربگرن، بە شێوەیەك زەوی و داهاتەکانی زەوی لەسەر ئاستی ناوچەیی بە کۆمەڵ ڕەنێوبهێنرێ. زاپاتیستەکان بۆ بەشداریی سیاسی بە چاوپۆشین لەوەی کێ لە دەسەڵاتە، لە میانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبونی وەك ئەنجومەنەکان و شوێنی کۆبونەوەکان، پشت بە کولتوری هاوبەش دەبەستن، پێیانوایە لە دیموکراسیدا زۆرینەی گەل دەسەڵاتی لە وەرگرتنی بڕیاردا هەیە. دیموکراسی لای ئەوان پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە لە گشت کات و شوێنێك لەلایەن گەلەوە(Maison, 2023, 46-48). خاڵی جەوهەری لە پەیوەندیی بزوتنەوەی زاپتیستەکان بە سەردەمی زانیاری و کۆمەڵگای نێتۆرك، تەکنۆلۆژیای زانیارییە، ئینتەرنێت بوارێکی بێوێنەی بۆ زاپاتیستەکان ڕەخساند، بەو هۆیەوە پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوە گرێدا، لەسەر ئاستی جیهان و لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێت، کە بە خێرایی هەواڵ و دەنگوباس و کێشەی نێوان خۆیان و حکومەتی مەکسیك دەگەیەیەندرایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، توانیان سۆز و پشتیوانی بۆ بزوتنەوەکەیان گەرەنتی بکەن و حکومەتی مەکسیك نەتوانێ بزوتنەوەکە بە ئاسانی، وەك خۆی دەیویست، سەرکوت بکات.

بابەتی پشتیوانیکردن و دەنگدانەوەی پرسی زاپاتیستەکان، ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕیشی هەیە، زاپاتیستەکان بە بزوتنەوەی دژە جیهانیبونیش ناسراون، لە چەند لایەکەوە پشتیوانی دەکران، بۆ نمونە ئەوانەی دژی بەجیهانیبونن، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردنی ژینگە، کۆمۆنیستەکان بە تایبەت ئاراستەی (ماویزم)(*) (کۆمەڵێك نووسەر، 2017، 10) جگە لەوە زاپاتیستەکان کە زۆربەیان لە هیندییە سورەکان (Red Indian) پێکهاتبون و بە خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا هەژمار دەکران، بە پێشەنگایەتی قەشە ساموێیل ڕوێز (García Samuel Ruiz)(**) لە لایەن کەنیسەی کاسۆلیکییەوە پشتیوانییان لێدەکرا، هەمو ئەمانە وایانکرد سۆز و پشتیوانی بۆ بزوتنەوەی زاپاتیستەکان دەستەبەر ببێت.

### 3. ٢ گروپە نارێکخراوەکانی ئەمریکا و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی لە دەیەی (1990):

زۆربەی وڵاتانی جیهان کێشە و کەموکورتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، ناوخۆییان هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێکە لە پێشکەوتوترین سیستەمە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، بە هەمان شێوە لە کێشەی ناوخۆیی بەدەر نییە. بەپێی شرۆڤەی کاستێلس، میلیشیا نەتەوە پەرستەکان بە ڕوانگە و ئایدیۆلۆژیای جیاجیاوە، توندڕەوترین و ڕێکخراوترین ئەو بزوتنەوانەن کە لە ئەمریکا هەن، لەوانە کۆمەڵگای (John Birch Society)ی دژە کۆمۆنیست، هەمو ئەوانەی بەرگری لە مافی سپیپێستەکان دەکەن، وەك نازییە نوێکان، لایەنەکانی دژە جولەکە، گروپی کۆکلوکس کلان (Ku Klux Klan) توندڕەوترین ڕێکخراو بۆ کوشتنی ڕەشپێستەکان، گروپی هاوکاریکردنی کریستیانە توندڕەوەکانی وەك (شوناسی کریستیانێتی) کە کۆمەڵەیەکی دژە جولەکەیە، دەستەی دژی دەوڵەتی فیدراڵی وەك بزوتنەوەی مافی ویلایەت، هاوپەیمانی دژ بە بزوتنەوەی دۆستی ژینگە، یەکێتیی نەتەوەیی باجدەران، داکۆکیکارانی دادگاکانی مافی نەریت (عرف)ی تا دەگاتە هاوپەیمانێتیی کریستیانی و چەند گروپێکی دیکەی شێوە سەربازی(کاستێلس، 2007، 115). لەگەڵ ئەوەی ئامارێکی ورد و دروست بەردەست نییە، بەڵام گروپە نەتەوە پەرستەکانی ئەمریکا ژمارەیان دەگاتە چەندان ملیۆن کەس و لە زۆر باریشدا کێشە بۆ سیستەمی ئاسایشی، کۆمەڵایەتی، سیاسی ئەو وڵاتە دروستدەکەن.

ڕوخانی دیواری بەرلین لە مانگی دوازدەی (1989)، سنوری بۆ پەیوەندیی نێودەوڵەتیی کۆن دیاریکرد، بۆ یەکەمجار لە ناوەڕاستی ساڵی (1989) و لە چوارچێوەی وەرچەرخانی کولتوری سیاسی، بەرەی ڕۆژهەڵات بە چەمکی سیستەمی نوێی جیهانی ئاشنا بو. دوای داگیرکردنی کوێت لە مانگی هەشتی ساڵی (1990) لە لایەن عێراقەوە، جۆرج بۆشی باوك بۆ یەکەمجار لە مانگی نۆی هەمان ساڵ ئەم چەمکەی لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا خستەڕو(اليخري، الحسباني، 2020، 2).

لە ڕاستیدا چەمکی سیستەمی نوێی جیهانی ڕەهەندی ئابوری بە پلەی نایاب، سیاسی، کولتوری، هەروەها ئایدیۆلۆژی هەیە، بۆش کۆتاییهاتنی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت، یاخود ململانێی ئایدیۆلۆژیی نێوان جیهانی سەرمایداری و جیهانی سۆسیالیستیی ڕاگەیاند و سەردەمێکی نوێ، کە تێیدا ئەمریکا وەك تاکجەمسەر خۆی وێناکرد، هاتە کایەوە(الدباغ، 2020، 786). میلیشیاکان و نەتەوە پەرستەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی دژی سیستەمی نوێی جیهانین و پەسەندی ناکەن، بۆ ڕێکخستن و گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی، چاکترین و گەورەترین چەك لای نەتەوە پەرستەکان کۆمپیوتەرە، لە ئینتەرنێتدا ژمارەیەکی زۆر هەواڵنامە و گەیاندنی زانیاری لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، هەروەها گروپی گفتوگۆ هەن، لە هەموش گرنگتر ئینتەرنێت بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە، بە کورتی ئینتەر نێت هێزی مانەوەی بەردەوامی هەیە.

ئەو ویلایەتانەی چالاکیی نەتەوەپەرستەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت بریتین لە (پەنسلڤانیا، میشیگان، فلۆریدا، تێکساس، کالیفۆرنیا، هەروەها کەموزۆر نیۆیۆرك و کۆلۆرادۆ)، کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانیان هەیە، چالاکیی میلیشیاکانی تێدا ئەنجام دەرێت(کاستێلس، 2007، 121-127). کاستێلس دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کەوا چاکترین چەکی دەستی میلیشیاکان، نەتەوە پەرستەکان بۆ بەرەنگاربونەوە و نارەزایەتی دەربڕین دژی دەسەڵات، چالاکی نواندن و خۆناساندن ئینتەرنێتە، بەو واتایەی ئینتەرنێت دۆخێکی هێناوەتەکایەوە هەموان دەتوانن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سودی لێ ببینن و بەکاری بێنن.

### 3. ٣ ڕاهیبانی ئاخیر زەمان، ئاوم شینریکۆ( Aum Shinrikyo)ی ژاپۆنی:

یەکێك لەو گروپانەی کاستێلس توێژینەوەی دەربارەوە ئەنجامداون، ئاو شینریکۆی ژاپۆنییە، گروپێکی مەترسیدار، ترسیان خستبوە دڵی ژاپۆنییەکان، دەیانویست بەم ڕێگایە گوزارشت لە شوناسی خۆیان بکەن.

ئاوم شینریکۆ، گروپێکی ئایینیی توندڕەوی تیرۆریستی ژاپۆنییە. **ئاوم**، وەك کاستێلس ڕونی کردۆتەوە، دەربڕینێکی سانسکریتییە و واتای دانایی قووڵ دەگەیەنێت، هەروەها **شینریکۆ** دەستەواژەیەکی ژاپۆنییە، واتای ڕاستی (حەقیقەت) دەگەیەنێت، بەسەریەکەوە واتای دانایەیەکی قووڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی (ئاساهارا) ڕابەری ئاوم شینریکۆ لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی (نۆستەر دامۆس)، پێیوابو لە دەوروبەری ساڵی (2000) شەڕی ناوکی لە نێوان ڕوسیا و ئەمریکا ڕودەدات و مرۆڤایەتی لەناودەچێت، بۆیە کاستێلس بە ڕاهیبانی ئاخیرزەمان ناوی بردون، ئیتر بۆ ئەوەی تۆرەمەی مرۆڤ بمێنێتەوە پێیوابو دەبێ باشترینەکان، واتە خۆیان بمێننەوە، ئەو پرۆسەیەش لە ڕێگای

(*) ماویزم بۆ ناوی (ماو تسی تۆنگ 1893-1976)، دەگەڕێتەوە، ڕابەر و دامەزرێنەری کۆماری چینی میللی، لە تەمەنی لاوێتیدا بووەتە مارکسی، پاشان یەکێتیی جوتیارانی دامەزراند، پێیوابوو دڵی شۆڕش لادێکانن، بۆیە سەرنجی خستبوە سەر گەشەی کشتوکاڵ، ساڵی (1937) بووە سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی چینی، گەشەی بە بیری کۆمۆنیستی دا و چەمکێکی بە ناوی (ماویزم) کە تێکەڵەیەك بو لە بیری مارکسیزم لینینیزم هێنایە ناو بیری کۆمۆنیستی.

(**) ساموێل ڕویز گارسیا (1924-2011) قەشەیەکی کریستیانی مەکسیکییە، ساڵی (1960) بووەتە قەشەی ئەبرەشیەی سان کریتۆپاڵ دی لاس کاساس لە باشوری مەکسیك، ناوچەی نیشتەجێی هیندییە سورەکان، بڕوای تەواوی بە مافی هیندییە سورەکان هەبو، یەکێك بو لە ڕەخنەگرانی لیبراڵیزم، دواتر بووە نێوانگیری نێوان حکومەتی مەکسیك و زاپاتیستەکان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp16-25

ڕاهێنانی سەختی جەستەیی و سککوشین (تقشف) و چاودێری و پەیڕەویکردن لە پڕۆگرامەکانی ئاساهاراوە ئەنجام دەدرا.

ساڵی (1995) لە ژاپۆن، سێ هێرشی جیاواز کرایە سەر سێ شەمەندەفەر، تێیدا بۆمبی کیمیایی هەڵگری گازی سارین بەکارهێنرا و بووە هۆی مردنی دوازدە کەس و پێنج هەزار کەسیش بریندار بون، ڕوداێکی هێندە سامناك بو، بە هۆیەوە پایەکانی کۆمەڵگای ژاپۆنی لەرزاند. بەهۆی هەبونی زانیاریی پەیوەست بە ڕوداوی هاوشێوە، کە پێشتر ئەنجامدرابون، پۆلیس گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەندامانی گروپی ئاوم شینریکۆ هێرشەکەیان ئەنجامداوە (کاستێلس، 1997، 129-132).

شۆکۆ ئاساهارا تایبەتمەندیی سەرکردەیەکی کاریزمیی بەهێزی هەبوو، ڕابەرێکی ئایینیی ڕوحانی تا ئاستێك نابینا بوو، ساڵی (1984) قوتابخانەیەکی یۆگا و دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دامەزراند. سەرەتا کڕیاری کەم بو، بۆیە هەوڵیدا لە ڕێگای گۆڤاری (Twilight Zone)ی بەناوبانگی ژاپۆنی کڕیاران زیاد بکات، ڕایگەیاند هێزێکی لە ڕادەبەدەر و توانای فڕینی هەیە، خۆی وەك (خوا) هەژمار دەکرد. سەرەڕای ئەوەی گروپەکە سەرەتا ئایینی نەبون، بەڵام دواتر ڕوی خۆیان بەرەو ئاراستەی ئایینی کریستیانی وەرگێڕا. ساڵی (1990) ئۆساهارا و (25) لە هاڕێیانی خۆیان بۆ پەرلەمانی ژاپۆن کاندید کرد، بەڵام هیچیان سەرنەکەوتن، ئەمە ئاساهارای توشی ڕقێکی ئەستور کرد و حکومەتی ژاپۆنی بە ساختەکاری هەڵبژاردن تۆمەتبارکرد. ئۆساهارا تێڕوانینێکی پوچگەرایانەی تۆقێنەری بۆ دنیا هەبو، لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە پاساوی بۆ کوشتن بەهۆی ڕوحانیبونەوە دەهێنایەوە، هەوڵی دەدا خەڵکی فێری ڕەفتاری بەندایەتی بکات و شوێنکەوتوانی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی حکومەتی ژاپۆن و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی هاندەدا (Alqithami, Haegele & Hexmoor, 2014 ,6). سەرهەڵدانی هەر بیروباوەڕێك پێویستی بە ئامادەسازی و لەباریی ژینگە و کەشی کۆمەڵایەتی هەیە.

هەشتاکانی سەدەی ڕابردو هەلومەرجێك هاتبوە پێش، گەنجانی ژاپۆن نەیاندەویست ئەزموونی باوانیان دوبارە بکەنەوە، واتە ئاسایشی پیشە و هەروەها دوای تەواوکردنی خوێندن دەستی کاری وڵات پێکبهێنن، واتە زاڵبونی لایەنە ماتریالییەکە و گرنگینەدان بە لایەنە ڕوحییەکە وایکرد گەنجێکی زۆر ڕوو لە ئاوم شینریکۆ بکەن، بە شێوەیەك (75%)ی ئەندامانی گروپەکە لە گەنجان پێکهاتبون. جگە لەوە شینریکۆ ڕایگەیاندبو ئەو هەژمونە ماتریالیە، واتە هەمو شتێك لە چوارچێوەی ماتریالدا کۆبکرێتەوە کۆتایی پێدێت و سەردەمی ڕوحانیەت دێتە گۆڕێ. ئەم بابەتە بۆ خەڵك سەرنجڕاکێش بو، لێرەوە تێکدانی دۆخی هەنوکەیی لە ژاپۆن و لەدایکبونی دۆخێکی نوێ لای شینریکۆ گەڵاڵە بوبو(Steven Nicholls, 2007, 11-12).

هۆکارگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری و تەنانەت ئایینیش بۆ سەرهەڵدان و پەیدابونی گروپی هاوشێوەی ئاوم شینریکۆ هەن، بەڵام لە کۆنتێکستی کۆمەڵگای ژاپۆنی وا دەردەکەوێت لایەنی (ڕوحی) زەقترین هۆکار بووبێت بۆ سەرهەڵدانی گروپێکی لەو شێوەیە، وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆی کردووە، کاپیتالیزم توانای سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستنەوەی هەیە، سیستەمی ئابوریی کاپیتالیستیی ژاپۆن، بۆ کۆمەڵگای ژاپۆنی داڕێژراوە و لە کۆمەڵگاکانی دیکە ناچێت، بۆیە دەکرێ بگوترێ: دۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ژاپۆن لە کۆنتێکستی سەرهەڵدانی ئاوم شینریکۆ بۆ دژایەتیکردنی کاپیتالیزم و سیستەمی نوێی جیهانی، یان ئەوەی کاستێلس ناوی سەردەمی زانیاری ئامادەسازی تێدا بووە لەسەردەستی مامۆستایەکی ئایینی خەون بە جیهانێکەوە ببینێ تێیدا دادگەری زیاتری تێدا مەیسەر ببێت.

کاستێلس پوختەی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی لەچەند دێڕێکدا بەم شێوەیە کورتکردۆتەوە:

زاپاتیستەکان: هیندی سور، دوژمنیان سەرمایەداریی جیهانی و (NAFTA) و دەوڵەتی ناڕەوای مەکسیکن، ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە کەرامەتی مرۆڤ، دیموکراسی، زەویوزار.

میلیشیاکانی ئەمریکا: شارنشینانی ڕەسەنی ئەمریکان، دوژمنیان سیستەمی نوێی جیهانی و دەوڵەتی فیدراڵی ئەمریکایە، ئامانجیان ئازادیی مافی خاوەندارێتیی شارنشینان، کۆمەڵە ناوچەییەکانە.

ئاوم شینریکۆ: کۆمەڵەیەکی ڕوحی بۆ ڕزگارکردنی باوەڕداران، دوژمنیان تاك دەوڵەتی جیهانی و پۆلیسی ژاپۆن بوو، ئامانجییان لە ئاخیر زەماندا بە زیندوویی بمێننەوە.

تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی، گرنگییەکی بونیادیی بۆ بونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، لە ڕاستیدا ژێرخانی ڕێکخستنیان تەکنۆلۆژیایە، بێ بونی ئینتەرنێت ڕەنگە نەتەوە پەرستەکانی ئەمریکا وەك پەرچەکردارێکی پەرش و بڵاو، یان زاپاتیستەکان وەك هێزێکی پارتیزانی ناوچەیی دەرکەوتبان، ئاوم شینریکۆ تۆماری سودیان لە کاسێتی ڤیدیۆیی و کۆمپیوتەر دەبینی، هۆکارەکەی بۆ نەبونی ئینتەر لە (90) ەکان لە ژاپۆن دەگەڕێتەوە(کاستێلس، 2007، 139).

## ئەنجامی توێژینەوە:

1. یەکێك لەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیە بەدەست هاتووە ئەوەیە، تەکنۆلۆژیای زانیاری هەر ئەوە نییە ئامرازێك بێت بە دەستی دەوڵەتەوە و دەرەتان
بۆ بەرەنگاربونەوە نەهێڵێتەوە، بە پێچەوانەوە بزوتنەوە فێندەمێنتاڵە ئایینییەکان بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان یەکێك لە کەناڵانەی سودی زۆری پێگەیاندون تەکنۆلۆژیای زانیارییە

2. پێشتر وا وێناکرابو کەوا دەوڵەت، ئەوانەی کە هێزی کۆنتڕۆڵی زانیارییان هەیە، دەتوانن نەتەوە بچوك و دەوڵەتە لاوازەکان لە بۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە،
بەڵام توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لە سەردەمی زانیاریدا، تەکنۆلۆژیای زانیاری دەرفەتی بۆ گەل و نەتەوەی بچوك و لاوازیش ڕەخساندووە گوزارشت لە خۆیان و بیروبۆچونەکانی خۆیان بکەن.

3. یەکێکی دیکە لەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەوەیە، هەردو نمونەی زاپاتیستاکانی مەکسیك و هێزە ناڕێکخراوە نەتەوە پەرستەکانی
ئەمریکا، دەیسەلمێنێ کەوا تەکنۆلۆژیای زانیاری و ئینتەرنێت چۆن و بە چ شێوەیەك بۆ بەرژەوەندیی پرسی خۆیان بەکار بێنن، زاپاتیستاکان توانیان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پرسی خۆیان بە جیهان بناسێنن و جیهان بهێننە سەر هێڵ بە قازانج بشکێتەوە بۆیان.

## سەرچاوەکان

قاضی، اسماعیل فتاح، 2010، کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، و، حەمەکەریم عارف، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

حەمەڕەش، سۆران 2022، مێژووی بزرونەگێڕدراوەی کورد، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

تۆنگ، ماو تسی 2017، و، کۆمەڵێك نووسەر، چ1، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

أمغار، مولود، 1919، آليات السيطرة و المقاومة في عصر المعلومات: المجتمع الشبكي لدى مانويل كاستلز، مجلة الباب، مؤسسة مؤمنون بلا حدود، العدد14.

أوكيريملي، أوموت، 2013، القومية ونظرياتها، ت، معين الإمام، مجلة تبين، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، العدد2/6.

توينبي، أرنولد، 2004، تاريخ البشرية، ت، نقولا زياده، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت.

تيوه و خالدي و قدة و تجاني، إكرام، شيماء، فاطمة، مريم 2018-2019، الشيخ محمد عبده وجهوديه الدعوية والاصلاحية، مذكرة تخرج غير منشورة، جامعة الشهيد حمة لخضر - الوادي.

جيونئيشي هيرانو، 2011، دراسة عن جمال الدين الافغاني و أفكاره عن الامبريالية والاستشراق والتفاهم بين الأديان، مجلة دراسات العالم الإسلامي، المجلد4، العدد 1 و 2.

حسين، عماد علي عبدالسميع، 2004، الأصولية الإسلامية و الأصوليات الدينية الأخرى, ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.

حنفي، حسن، 2012، الهوية، ط1، القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة.

حنون، نائل، 2006، ملحمة جلجامش، دمشق، ط1، دار الخريف للنشر و التوزيع.

الدباغ، يونس طلعت، 2020، مستقبل النظام الدولي في ظل عالم استراتيجي متغير، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد5، العدد2، هەولێر.

زكري، عبداللطيف شهاب، 2007، اتفاقية التجارة الحرة لأمريكا الشمالية وأثر الاتفاقية على المكسيك كنموذج، المجلة العراقية للعلوم الاقتصادية، السنة الخامسة، العدد14.

سعدي و الميموني، علي، رشيد، 2021، الأصولية الدينية كحركة اجتماعية: دراسة مقارنة بين الثورة الإرانية و الثورة البولونية، مجلة اسئلة و رؤى، مجلد2، العدد 4.

شطارة، عامر ناصر، 2013، الأنا و تمثلات الآخر: الأصولية المسيحية البروتستانتية أنموذجا، مجلة دراسات العلوم الانسانية الاجتماعية، المجلد40، العدد3.

العكيدي، مجول محمد محمود، بدون سنة نشر، موقف التيار الإسلامي من القضية الكوردية، 1949-2003، دراسة تاريخية، مركز الدراسات الإقليمية، دراسات إقليمية 5، 11.

معلم، زليخة، 2015، دور ميخائيل غورباتشوف في سقوط الاتحاد السوفيتي 1985- 1991، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الأنسانية، جامعة محمد خيضر، الجزائر.

هوبزبوم، إبي جيه، 2013، الشعوب والقوميات منذ عام 1780، ترجمة مصطفى مجاج، هيئة أبوظبي للسياحة والثقافة، 2013.

هيرو، دليب، 1997، الأصولية الإسلامية في العصر الحديث، ت، عبدالحميد فهمي الجمال، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

وهبة، مراد، بدون سنة نشر، الأصولية والعلمانية، دار الثقافة، القاهرة.

اليخري و الحسباني، محمد عبدالله خميس، عبدالحكيم، 2020، سيناريوهات النظام العالمي الجديد، معهد الاعلام الاردني، عمان.

كاستيلس، مانويل، 2007، عصر اطلاعات: اقتصاد، جامعه و فرهنگ (قدرت هويت)، ت، حسن چاوشيان، 2007. چ5، تهران، انتشارات طرح نو، جلد2،

سياوشی و بذرافكن، مهدی و مجيد 1400, تأثير سازه دولت- ملت مودرن برگسست اجتماع غرب در مواجهه با كرونا، جستارهای سياسی، سال دوازدهم، شماره چهارم 1400.

Alam, Anwar, 2007, Political Management of Islamic fundamentalism, Ethnicities ,Vol (7), number (1).

Moaddel, Mansoor & Karabenick, Stuart A, 2018, Religious Fundamentalism in Eight Muslim-Majority Countries: Reconceptualization and Assessment, Journal for the Scientific Study of Religion ,Vol (57), No (4).

Zambrano & Ojeda 2017, Jesus Manuel Losada, David Alonso Silva, Ejercito Zapatista De Liberacion Nacional: Antecedentes Y Origenes, FAIA, Vole, 6, Number, 29. file:///C:/Users/Tech%20Line/Downloads/Dialnet-EjercitoZapatistaDeLiberacionNacional-6246927%20(1).pdf .

Rosset& et al, Peter, 2005, Zapatismo in the Movement of Movements, Society for International Development, Vol, 48, No (2).

Maison, Lea Marie, 2023, Beyond Western and Indigenous Perspectives on Sustainability: Politicizing Sustainability with the Zapatista Rebellious Education, Journal of Transformative Education, Vol, 21, number (1).

Alqithami & Haegele & Hexmoor, 2014, Saad, Henry Conceptual Modeling of Networked Organizations :The Case of Aum Shinrikyo. Alqithami, Jennifer and

Nicholls, Steven, 2007, Terrorism, Millenarianism, and Death: A Study of Hezbollah and Aum Shinrikyo, Edith Cowan University.